گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئەدەبیەت و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە هەندێ (پەند) و (قسەی نەستەق) ی دەڤەری (مزووریيان)دا

**جیهان عەبدولوەهاب ئەحمەد**

بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

jihan.ahmad@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٤/٧/٢٩

پەسەندکردن:٢٠٢٤/٩/١٦

بڵاوکردنەوە زستان٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**

*Literariness, Social dimension, Proverbs, maxims, Mizuri Region*

**Doi:**

10.25212/lfu.qzj.10.4.6

## پوختە

هەر میللەتێک پەندو قسەی نەستەقی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە ئەنجامی ئەزموون و بەسەرهاتی ژیان پەیدابووینە و لەهەر کۆمەڵێکدا ڕەنگدانەوەی هزرو بۆچوون و داب و نەریتی ئەو کۆمەڵەن و وانەیەک پێشکەش بە ژیان دەکەن و هەڵگری ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانن، هەندێکیان بە شێوەی شیعرو هەندێکیان بە شێوەی پەخشان نووسراون، ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی (ئەدەبیەت و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە هەندێ پەند و قسەی نەستەقی دەڤەری مزووریيان) دایە هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئەدەبیەت و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە پەندو قسەی نەستەقی دەڤەری مزوورییاندا.

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا: باس لە ئەدەبیەت کراوە، دواتریش پێناسە بۆ پەندی پێشینان و جیاوازی لەگەڵ قسەی نەستەق، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدراوە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، شێوەزارو سنووری جوگرافی ئەم دەڤەرە باس بکرێت.

لە بەشی دووەمی توێژینەوەکە: بە شێوەیەکی کارەکی تیشک دەخاتە سەر ئەدەبیەت و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە هەندێ پەندو قسەی نەستەقی دەڤەری مزوورییاندا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی:

ئەدەبیەت ئەو سیمایانە دەگرێتەوە کەوا ئاخاوتنی ئاسایی دەگۆڕن بۆ دەربڕینی ئەدەبی، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقیش وەک بەشێک لە ئەدەبی فۆلکلۆری ئەو سیمایانە تێیدا ڕەنگیان داوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پەند و قسەی نەستەق وەک ئاوێنەیەک دەربڕی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانن، چونکە پەند و قسەی نەستەق لەناو کۆمەڵگادا سەریانهەڵداوە بۆیە زیاتر کۆمەڵایەتیین، لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەدەبیەت و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە هەندێ پەندو قسەی نەستەقی دەڤەری مزووریيان بخەینە ڕوو.

ئامانجی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەدوا داچوون و دیارکردنی ئەدەبیەت و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانە لەپەندو قسەی نەستەقی دەڤەری مزوورییاندا، کە ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەمشێوەیە بۆ پەندو قسەی نەستەقی ئەم دەڤەرە نەکراوە.

**ڕێبازی توێژنەوەکە وەسفی شیکارییە، ئەم توێژینەوەیە لە پوختەو پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە:**

**لە بەشی یەکەم:** ئاماژە بەئەدەبیەت و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق کراوە، لەگەڵ جیاوازی نێوان پەندو قسەی نەستەق ، دواتریش ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەئەدەبدا، هەر لەم بەشەدا شێوە زارو سنووری جوگرافی ئەم دەڤەرە باسکراوە.

**لە بەشی دووەم:** باس لە ڕەنگدانەوەی ئەدەبیەت و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان لە هەندێ پەندو قسەی نەستەقی دەڤەری مزوورییان کراوە لەکۆتاییدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەشی یەکەم:

## 1-1 ئەدەبیەت:

(یاکۆبسن) وشەی ئەدەبییەتی لە جێی وشەی شیعریەتی داناو یەکلایی کردەوە، چونکە هەندێک پێیان وابووە شیعرییەت تەنها شیعر دەگرێتەوە، بۆیە بەم شێوەیە باس لە ئەدەبیەت دەکات و دەڵێ: ((ئەدەبیەت کۆمەڵێک ڕواڵەتی ئەدەبی هاوبەشە لە ئەدەبدا، کەوا لە کاری داهێنان دەکەن کە ببێتە بەرهەمێکی ئەدەبی)) (بوقرە،2009، ل82).

کەوابێ ئەدەبیەت لەچەند شتێک پێک دێت، وەکو: ((ڕێکخستنی زمان بەو شێوەیەی جوانترەو چێژێک دەبەخشێت، وەک هونەرەکانی کێش و سەرواو ڕەگەزدۆزی و دژیەک و بەرامبەری و سەرواداری (لە شیعرو پەخشانی ئەدەبی)) و...هتد. (عەبدوڵلا، 2013، ل206-207).

## 2-1 پەندی پێشینان و قسەی نەستەق:

پەند سامانێکی نەتەوەییە، بەگەلێک شێواز پێناسە کراوە، هەر یەکەیان بەگوێرەی بیرو بۆچوونی خۆیان پێناسەیان کردووە، عەلائەدین سەجادی بەم شێوەیە پێناسەی پەند دەکات: ((پەند عیبارەتن لە چەند قسەیەکی کورتی کوردی پێکەوە نووسێنراون، واتایەکی بەرزیان هەیە لە زمانێکی زۆر کۆنەوە کەوتوونەتە سەر زمانی کوردی، چۆنیەتی ژیان و ڕەوشت و بیرو باوەڕیان چ لە بارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، چ لەبارەی ڕەوشتی و خێزانی و کەین و بەینی ژیان تێکڕای))، (سەجادی، 1971، ل126).

کەوابێ پەند پاشماوەی هزرو بیری باب و باپیرانە لە سەردەمێکەوە گوازراوەتەوە بۆ کەسانی تر، گەلێک پەند هەن بەپێی ناوچەو شێوەزارو شوێن گۆڕاون لە ڕووی شێوەو زمانەوە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەمان واتایان هەیە، چونکە ((پەندە کوردییەکان هەرچەندە بەگوێرەی جیاوازی دیالێکتی ناوچەکان جیاوازن بەڵدم ناوەڕۆکیان هەر یەکە، چونکە هەموو لە مەرجێکی ژیانی چونییەکدا پەیدابوون))، (ڕەسوول، 2008، ل8).

## 3-1 گرنگیی پەندی پێشینان:

پەندی پێشینان گرنگییەکەی لەوەدایە کە هەر پەندێک لە ئەنجامی بیرو ئەزموون و ڕووداوەکانی ژیان پەیدابوویە، مرۆڤ دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێ چونکە هەر پەندێک لەکاتێکدا پەیدا بوویە، بەپێی پێویستیەکانی ئەوکاتە کار دەکاتە سەر ژیانی ڕۆژانە، ((لە کۆمەڵی کوردەواریدا بەشێوەیەکی گشتی پەندی پێشینان دوای ئایەتی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) وەک پەندو دەستووروو یاسا دەوری خۆی گێڕاوە لە چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکانی خەڵکەکەو ڕابەری کردنیان بۆ ڕێگای چاکە، لادانیان لە خراپە))، (شارەزا، 1976، ل10).

وەکو چۆن بۆ گرنگیی پەندی پێشینان، هەر لەناو خەڵکدا پەندێک دروست بووە، دەوترێت: (گوتنا باب و باپیرا باشترە ژ گوتنا وەزیرا)، (ئیسماعیل، 2024).

گرنگییەکی دیکەی پەند ئەوەیە مرۆڤ زۆرجار لەکاتی قسەکردندا بۆ ئەوەی قسەکانی کاریگەر بن، یاخود قسەی خۆی بسەلمێنێ پەنا بۆ پەند دەبات وەکو ئامرازێکی پەیوەندیکردن بەکاردەهێنێ بۆ قەناعەت کردن بە بیسەر، یاخود وەک وانەیەک بۆ وشیار کردنەوەو ئاگادار کردنەوە.

## 4-1 جیاوازیی پەند و قسەی نەستەق:

پەندو قسەی نەستەق وەکو شاکارێکی گەورەی گەلن، هەرچەندە لە هەندێ لایەنەوە لەیەکدەچن، بەڵام جیاوازیشیان هەیە لە هەندێ ڕووەوە، (چونکە یاسا ئەوەیە، کە: هەموو پەندێکی پیشینان قسەیێکی نەستەقە، بەڵام هەموو قسەیێکی نەستەق پەندێکی پێشینان نییە)(عەبدوڵلا، 2014،ل20).

- پەند ((لەبەر جوانی و پاراوی توانای گونجانی لەگەڵ هەموو سەردەمێکدا بووەتە بەرهەمێکی گشتی و تێکەڵ بە ویژدانی کۆمەڵ بووە، لەلایەن هەموو چین و دەستەیەکەوە بەکاردەهێنرێت، بەڵام قسەی نەستەق بەتایبەت ئەوانەی خاوەنەکانیان دیارن زیاتر لەناو دەستەیەکی دیاریکراودا (النخبة) ماوەتەوە))، (ئەڵوەنی، 2008، ل66-67).

- پەندی پێشینان چیرۆکێکی لە پشتە، بەڵام قسەی نەستەق حالەتێکی کاتییەو گوزارشت لەکاتی ئێستادا دەکات.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- ((قسەی نەستەق زۆر ڕوون و ئاشکرایە و هەموو کەس بە باشی هەست پێ دەکات، بەڵام پەند قووڵترە))، چونکە پەند دوو واتای هەیە واتایەکی داپۆشراو، واتایەکی ئاشکرا، کە زیاتر مەبەست واتا داپۆشراوەکەیە، کە مرۆڤ بەئاسانی ناتوانێ بگاتەواتای مەبەست. (عەبدوڵڵا، 2014، ل21).

## 5-1 ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە ئەدەبدا:

سەردەم و ژیانی کۆمەڵدیەتی کاریگەرییان هەیە لەسەر سەرهەڵدانی دەقی ئەدەبی، هەر لەبەر ئەوەشە ئەدەب لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازە، هزرو بیری کۆمەڵگەی سەرەتایی زیاتر گرنگی دان بوو بە ئایین و بابەتە فۆلکلۆرییەکان هەر ئەوانەش بوونە هەوێنی ئەدەبیاتی ئەو سەردەمە ((ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی هەر لە سەردەمی لەدایک بوون و سەرهەڵدانییەوە وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی سەیری کراوە یان بە دەزگایەکی کۆمەڵایەتی چوێندراوە))، (عومەر، 2005، ل118).

واتە ئەدەب و کۆمەڵگا پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، چونکە واقعی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی هونەری لە دەقی ئەدەبیدا ڕەنگ دەداتەوە ((کۆمەڵگا لە حالەتی بزاوتنی خۆیدا بۆ چالاکی ئەدەبی ڕێگا خۆشکەر بووە، لەهەمانکاتدا کۆمەڵگەی کراوە هەمیشە زەمینەیەکی خوڵقاندووە کە هەڵی خۆ نوێ کردنەوەی بە چەمکی ئەدەبی بەخشیووە، سروشتی تاکەکانی کۆمەڵگەش لە ڕێگەی تامەزرۆیی و سەلیقەی ئەدەبییەوە نەمری دەبەخشنە هەندێ بەرهەمی ئەدەبی))، (ساڵح، 2012، ل86).

## 6-1 شێوەزاری دەڤەری مزووریان:

مزوورییەکان بە شێوەیەکی گشتی بەدیالێکتی (سەروو- بادینی) قسە دەکەن، مزوورییەکان لقێکی شێوەزاری(بادینی) سەر بەدیالێکتی کوردیی ژووروە، لەچەند گوندێک پێک دێت ((شێوەزاری قسەکردنیان لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی دیکە تۆزێک جیاوازە))، (جگەرسۆز، 2020، ل92).

ئەم شێوەزارە وەکو شێوەزارەکانی دیکە بەدەر نییە لە وشەی بێگانەو وشەی زارو شێوەزارەکانی تریش هاتوونەتە ناو، جا لەبەر خوێندن بێ یاخود ڕاگەیاندن و تێکەڵبوون کە هۆیەکن لە هۆیەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەند وشەیەک لە زمانی عەرەبی هاتوونەتە ناو ئەم شێوەزارەو لە پەند و قسەی نەستەقی ئەم شێوەزارەدا ڕەنگیان داوەتەوە، بۆ نمونە:

(دای وەلەدا شەرکر خەلکێ دین باوەرکر)، (ئیسماعیل، 2024).

(عەیالێ نەگوهدار بەلایە)، (ئیسماعیل، 2024).

(دگەل گورگی دخوت دگەل صاحبی لێ دەگەرێیت)، (ئیسماعیل، 2024).

**1-7 سنووری جوگرافی ئەم دەڤەرە:**

هۆزی مزووری عەشیرەتێکی کۆنی کوردە لە چەندین کتێبی مێژوویيدا باسکراوە، یەکێک لەوانە لە شەرەفنامەدا میر شەرەفخانی بەدلیسی باس لەوە دەکات، کە یەکێک لە هۆزە گرنگەکانی لای ئامێدی ((مزووری)) ینە، (بەدلیسی، 2010، ل162).

ئەم عەشیرەتە دابەش بووە بۆ دوو بەش:

1- مزووری سەروو (باڵا)، 2- مزووری خواروو (ژێری)، هەر بەشێک لە پارێزگایەکی کوردستاندا نیشتەجێن وەکو (هەولێر، دهۆک).

((شوێنی نیشتەجێ بوونی (مزووری باڵا) دەکەوێتە پارێزگای هەولێر، سەر بە ناحیەی (شێروان مەزن) و قەزای (مێرگەسوور)، بەڵام شوێنی نیشتەجێ بوونی (مزووری ژێری) دەکەوێتە پارێزگای دهۆک، سەر بە قەزای ئامێدی و ناحیەی ئەتروش و قەسرۆک و شێخان))، (جگەرسۆز، 2020، ل21).

تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکدا باس لەوە نەکراوە کە هۆی دابەش بوونی ئەم عەشیرەتە چییەو بۆچی بوونەتە دوو بەش، چونکە مزووری باڵاو مزووری ژێری یەک عەشیرەتن، ((بەڵام تا ئێستا نەزانراوە، لەکام سەردەم لە شوێنی ئەسڵی خۆیان کۆچیان کردووە))، (ڕێکانی، 2019، ل486).

**8-1 جۆرەکانی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لە ڕووی پێکهاتەی ڕستەسازییەوە:**

کەرەستەکانی پەند بەیاساکانی زمان داڕێژراون ((پەندی پێشینانی کوردی وەک دانەیەکی ڕستەسازی واتایی خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندییە ڕستەسازییانەیە، کە ڕستەی ئاسایی لە زمانەکەدا هەیەتی))، (خضر، 2023، ل73).

پەند و قسەی نەستەقی دەقەری مزووریان لە ڕووی پێکهاتەی ڕستە سازییەوە چەند جۆرێکن:

1- ڕستەی سادە: لە تاکە ڕستەیەک پێکهاتووەو یەک کاریان تێدایە، (فرهادی، 2013، ل39).

**بۆ نمونە:**

(شێر ژبێشان خلاس نابن)، (پیرەسالی، 2000، ل25).

2- ڕستەی لێکدراو: ئەو ڕستەیەیە کە لە کارێک زیاتری تێدایەو ((هەر کارێك ڕستەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنێ)) ( رسوڵ، 2014، ل33).

**بۆ نمونە:**

(ئاخافتنا دەرکەت ژبن زمانی، دێ گەهیتە خودانی)، (جعفر، 1986، ل16)، لێرەدا دووکاری تێدایە، کاری (دەرکەت) لەگەڵ کاری (دێ گەهییتە).

3- ڕستەی سەرسوڕمان: بریتیە لەو جۆرە ڕستەیە کە قسەکەر هەست و سۆزی خۆی بەرامبەر دیاردەیەک دەردەبڕێت، (فەرهادی، 2013، ل50).

**بۆ نمونە:**

(مێڤانێ سەعەتەکێ، جاسوسێ سالەکێ!)، (جعفر، 1986، ل10). واتە ئەگەر میوان بۆ سەعاتێك بێتە لات بەساڵ باسی ئەو میوانیەت دەکات.

4- ڕستەی خۆزگە: بریتیە لەو جۆرە ڕستانەی کە ئاماژەن بە لەدەست چوون یان نەبوونی کارێک، بۆ **نمونە:**

(خۆزیا ب ئاقلێ پاشی)، (دێرشەوی، 2000، ل112)، لێرەدا خۆزگە بەعەقڵی دواتر دەخوازێ، خۆزگە دەخوازێ ئەوەی کە درەنگ زانیوە زووتر بیزانیبا.

5- ڕستەی پرسیارو وەڵام : بریتیە لەو جۆرە ڕستانەی کە لە شێوەی پرسیارو وەڵامدان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بۆ نمونە:**

(گوتە رویڤی تو بۆ دیلکێ خۆ دهەژینی؟ گوتێ ژێ هاتنە)، (عەبدوڵڵا، 2024). لێرەدا هەم پرسیارەو هەم وەڵامیش هەیە.

6- ڕستەی فەرماندان: لەم جۆرەدا ((کەسی یەکەم داوا لە کەسی دووەم دەکا، کە کارێک بکا، یا هەڵوێستێک بنوێنێ))، (ڕەسوول، 2014، ل19). لێرەدا فەرمان بەکەسی بەرانبەر دەکات کە کارێك ئەنجام بدات.

**بۆ نمونە:**

(ئەو گرێیا ب دەستی ڤە دبیت، ب ددانا ڤەنەکەی)، (جعفر، 1986، ل15).

7- ڕستەی مەرجی: ئەوەیە، کە ڕوودانی کاری ڕستەیەک مەرجە بۆ ڕوودانی کاری ڕستەیەکی دیکە.

**بۆ نمونە:**

(هەتا بەرێ دەستی ڕەش نەبیت، تاما زاری خۆش نابیت)، (عەبدوڵڵا، 2024). واتە تا کار نەکەی ناخۆی، کار کردنەکە مەرجە بۆ ئەوەی نان پەیدا بکەی.

## بەشی دووەم:

### 1-2 ئەدەبیەت و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە هەندێ پەندو قسەی نەستەقی دەڤەری مزوورییان:

پەندو قسە نەستەقەکانی دەڤەری مزوورییان هەندێکیان بەشێوەی پەخشان و هەندێکیان بە شێوەی شیعر نوسراون، کە ڕیتم و کێش و سەروا لەگەڵ هەندێ هونەری ڕەوانبێژی تێدا بەدی دەکرێن، هەر ئەوانەش دەبنە هۆی مەزراندنی ئەدەبیەت لە پەند و قسەی نەستەقدا.

### 2-2 ڕیتم:

ئاوازو مۆسیقای ناوەوەیە ((کە بەهۆی دووبارە کردنەوەی دەنگ و وشەو دەستەواژەو هونەرە جوانکارییەکان دروست دەکرێت))، (گەردی، 2018، ل209).

**دووبارە کردنەوە:**

((بریتیە لە دووپاتبوونەوەی فۆرمێکی زمانی (وشە، فریز، ڕستە))، (دەشتی، 2012، ل88).

**لێرەدا چەند جۆرێکی دووبارە کردنەوە دەخەینە ڕوو:**

1- دووبارەکردنەوەی دەنگ: بریتیە لە ((دووبارەکردنەوەی دەنگێک، یان زیاترە لە سنووری وشەیەک، یان لەتێک یان دێرو کۆپلە))، (ئەحمەد، 2013، ل246)، کە بەو هۆیەوە مۆسیقای ناوەوە بەرهەم دێت، لە پەند قسەی نەستەقی ئەو ناوچەیەدا بەچەند شێوە دەنگەکان دووبارە کراونەتەوە، لەوانەش:

**أ- دووبارە کردنەوەی دەنگی بزوێن:**

((بریتییە لەچەند جار دووبارەکردنەوەی دەنگی بزوێن لە کۆپلە شیعرێك یان لەدێڕێکدا)). (گەردی، 2018، ل217)

کەواتە مەبەست لەمە ئەوەیە لە ڕستەیەکدا یان لە دەقێکدا دەنگێکی بزوێن چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە، بەمەش ئاوازو مۆسیقایەکی خۆش و بەچێژ دروست دەبێ.

**بۆ نمونە:**

(ئەویٚ گوهیٚ خۆ نەدەتە مەزنا، دیٚ پێڤەهێن گوهێت بزنا)، (جگەرسۆز، 2020، ل210).

لێرەدا دەنگی بزوێنی کورتی ((ە)) (6) جارو دەنگی بزوێنی ((و)) (3) جار دووبارە کراوەتەوە، بەڵام دەنگی بزوێنی ((یٚ)) (6) جار دووبارە کراوەتەوە، بەمەش ڕیتمێکی بەهێزی درووست کردووە.

(سیٚ گدیێت ل دنیٚ، ییٚ دچیتە رێکیٚ بتنیٚ، ییٚ ل هەڤرازی دکێشیت تویتنیٚ، ییٚ ماڵا خۆ دبەتە نک ماڵبابا ژنیٚ)، (سەرچاوەی پێشوو، ل211).

لێرەدا دەنگی بزوێنی درێژی ((یٚ)) (12) جار دووبارە کراوەتەوە لەگەڵ (8) جار دووبارە کردنەوەی دەنگی بزوێنی درێژی ((ی)) و (4) جار دووبارە کردنەوەی دەنگی بزوێنی درێژی ((ا)).

لێرەدا دەنگە بزوێنەکان چەند جارێک دووبارە کراونەتەوە، بەمەش ئاوازو مۆسیقایەکی جوانتری دروستکردووە.

**ب- دووبارەکردنەوەی دەنگی نەبزوێن:**

دووبارە کردنەوەی چەند جارەی دەنگی نەبزوێنە لە ڕستەیەکدا یان لە دێرێکدا، بەمەش مۆسیقایەکی خۆش بەرهەمدێت، (گەردی، 2018، ل2015)

**بۆ نمونە:**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(چیا ب چیا ناکەڤن، بەڵێ چاڤ دێ ب چاڤا کەڤن)، (جگەر سۆز، 2020، ل210).

لێرەدا (4) جار دەنگی ((چ)) و ((ڤ)) دووبارە کراونەتەوە، بەهۆی دووبارە کردنەوەی ئەم دەنگانە ئاوازو مۆسیقایەکی خۆش دروستبووە، لەگەڵ بوونی وشەی دووبارەی وەکو (چیا، چاڤ).

**لە نمونەیەکی تردا:**

(هەکە ژنا ژنینە هەمی خوریا زێرینە، هەکە ژنا ژنکۆکە هەمی خوریا بنۆکە)، (ئیسماعیل، 2024).

لێرەدا (6) جار دەنگی نەبزوێنی ((هـ)) دووبارەکراوەتەوە، (4) جار دەنگی نەبزوێنی ((ژ)) و لەگەڵ (5) جار دووبارەکردنەوەی دەنگی نەبزوێنی ((ک)) و (7) جار نەبزوێنی ((ن)) دووبارە کراونەتەوە، لەگەڵ بوونی وشەی دووبارەی وەکو: (ژن، هەکە، هەمی، خوری) کە بە هۆیەوە مۆسیقایەکی بەهێزو جوانی دروستکردووە.

**ج- دووبارەکردنەوەی وشە:**

مەبەست لە دووبارە کردنەوەی چەند جارەی وشەیە لە ڕستەیەکدا، یان دەقێکدا، بەهەمان واتا، ئەمەش بۆ مەبەستی جوانکاری و جەخت کردنەوە دێت و مۆسیقایەکی بەچێژ دروست دەکات، لەبەر ئەوەیە دووبارە کردنەوەی وشە ((لە شوێنە جیاجیاکانی ڕستەدا، بایەخی ڕیتم و بەهای واتایی هەیە))، (ئیبراهیم، 2012، ل21).

دووبارە کردنەوەی وشە لە پەندو قسەی نەستەقدا دیاردەیەکی بەرچاوە ئەمەش زیاتر بۆ جەخت کردنەوەیە لەسەر بابەتەکە.

**نمونە:** (هێلک هێلک دبیتە تێلک) (محەمەد، 2024). لێرەدا وشەی (هێلک) دووبارە کراوەتەوە، بەمەش ڕیتمەکەی بەهێزتر کردووە.

**نمونەیەکی تر:**

(گوتی: هەسپێ بابێ من هەفت ڕما خۆ دهەلاڤێت، گوتی: ئەڤە ڕم ئەڤە مەیدان و ئەڤە هەسپ بابێ تە)، (جعفر، 1986، ل91).

لێرەدا وشەکانی (گوتی هەسپ، باب، ڕم، ئەڤە) دووبارە کراونەتەوە، بەمەبەستی بەهێزکردنی مۆسیقای ناوەوە.

**د- دووبارە کردنەوەی ئامراز:**

مەبەست لە دووبارە کردنەوەی ئامراز بۆ ئەوەی دەربڕین جوانتر بکات و ئاوازو مۆسیقای ناوەوە بەهێزتر بکات، چونکە ((هەتا مەودای نێوان وشە دووبارە کراوەکان کەم بێ، ڕیتمی دووبارە بوونەوە پتەوتر دەبێ))، (ئەحمەد، 2008، ل64).

**بۆ نمونە:**

(ل ملەکی کوشتنە، ل ملێ دی سەر شیشتنە) (جعفر، 1986، ل94).

لێرەدا ئامرازی (ل) دووبارە کراوەتەوە.

(هەر کەسەک دەستێ خۆ بۆ دەڤێ خۆ دبەت)، (جعفر، 1986، ل115).

لێرەدا ئامرازی خۆیەتی (خۆ) دووبارە کراوەتەوە، بەمەش مۆسیقاییەکە بەهێزتر بووە.

**3-2 کێش:**

کێش لەگەڵ سەروا دوو ڕەگەزی سەرەکین بۆ پێکهێنانی مۆسیقای دەرەوە، کێش ((ڕۆڵێکی زۆر کاراو ڕاستەوخۆ دەگێڕێ لە درووست بوونی مۆسیقای دەرەوە))، (ئەحمەد، 2009، ل32).

کێش تەنها لە شیعردا بەدی ناکرێت ((بەڵکو تەنانەت لەهەموو گوتارێکی غەیری شیعریش کێش بوونێکی سرووشتی هەیە، چونکە شەپۆلە دەنگییەکان بە یەکسانی لە مێشک دێنە دەرو بە شێوەیەکی هەندەسی لەبەرامبەر بیرەکاندا بۆ پێشکەشکردنی واتا خۆ پێشکەش دەکەن))، (عەبدوڵڵا، 2022، ل76).

کێش لە پەندو قسەی نەستەقدا خۆماڵییە (بڕگەییە)، چونکە کێشی خۆماڵی کێشی ڕەسەنی فۆلکلۆری کوردییەو لەگەڵ زمانی کوردی دەگونجێ، بە ژمارەی بڕگەکان دەژمێردرێت.

**گرنگترین ئەو کێشە بڕگەییانەی لە پەندو قسەی نەستەقی دەڤەری مزوورییاندا هەن، دەخەینە ڕوو:**

**1- کێشی دە بڕگەیی:**

((لەم کێشەیەدا تەنیا یەکەیەکی (5) بڕگەیی دووبارە دەبێتەوەو بونیادی ڕیتمی پێکدێنێت)) (حەسەنی ، 2007، ل58).

ئەم جۆرە کێشەیە، ڕیتمی سەرەکی (5+5)ە، کێشێکی فۆلکلۆری کوردییە.

هەکە دزو مالخۆ بووینە هەڤال (دە بڕگەیی)

دێ گایی د روشنا بانی را بەن (محەمەد، 2024). (دە بڕگەیی)

**2- کێشی هەشت بڕگەیی:**

((بونیادی ئەم کێشەیە لە دوو یەکەیەکی ڕیتمی (4) بڕگەیی پێکهاتووە))، (حەسەنی، 2007، ل57). ئەم کێشەیە کێشێکی فۆلکلۆری کۆنەو لەئەدەبیاتی فۆلکلۆرو نوێدا بەکارهاتووە.

**بۆ نمونە:**

ئەگەر با هات دێ با دێرین

ئەگەر نەهات دێ گوهدێریت (جگەر سۆز، 2020، ل212).

**نمونەیەکی دیکە:**

کور کڤانێ بابێ د کێشیت

کچ تەشیادایێ د ڕێسیت (ئەحمەد، 2024)، لێرەدا کێشی هەشت بڕگەیی بەدی دەکرێت.

3- کێشی حەفت بڕگەیی: لە (3+4) یاخود (4+3)، زۆر جاریش بە (5+2) یاخود (2+5) دروست دەبێت، ئەم کێشە کێشێکی خۆماڵی سووکە.

**بۆ نمونە:**

کەر ناچیتە بەر باری

بار دێ چیتە بەر کەری (جعفر، 1986، ل82).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**نمونەیەکی دیکە:**

یا تە گرتی ب شیری

تەرك ناکەی ب پیری (ئەحمەد، 2024)، لێرەدا کێشی حەوت بڕگەیی بەکارهاتووە، کە ئەم کێشەیە لەپەندی پێشیناندا بەشێوەیەکی بەرچاو هەیە.

## 4- کێشی چوار بڕگەیی:

ئەمە کێشێکی سووک و ئاسانە، لە فۆلکلۆری کوردیدا بەکارهاتووە.

**بۆ نمونە**

گەلەک قەما

تام تێ نەما (ئیسماعیل، 2024).

**نمونەیەکی دیکە:**

مال بۆ عەیفێ

یان بۆ کەیفێ (سەرچاوەی پێشوو)

لێرەدا کێشی چوار بڕگەیی بەکارهاتووە، کە کێشێکی بەربڵاوی خۆماڵییە.

## 4-2 سەروا:

سەروا یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە مۆسیقای دەرەوە دروست دەکات، چونکە ((سەروا پیتێکی یان کۆمەڵە پیتێکەو ئەو بزوێنانەن کە لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم و دووەم دا دێن))، (حەمەخان، 2004، ل251).

سەروا دەبێتە هۆی دروستبوونی مۆسیقای دەرەوە بۆ پەندو قسەی نەستەق.

((لە ئاکامی هارمۆنییەتی وشەکان و گونجانیان لە ڕستەدا، لە ڕێگەی سەرواو وەستانەوە، جۆرە مۆسیقایەک بە پەندەکە دەبەخشێ))، (ئەحمەد، 2012، ل13).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بۆ نمونە:**

سێ گدێیت ل دنێ

یێ دچیتە ڕێکێ بتنێ

یێ ل هەڤرازی دکێشیت تویتنێ

پێ مالا خۆ دبەتە نک ماڵبابا ژنێ، (جگەرسۆز، 2020، ل211).

لێرەدا وشەکانی (دنێ، بتنێ، تویتنێ، ژنێ)، وشەی سەروان.

**نمونەیەکی دیکە:**

نەڕەزێن کە ندالا

نە سەیێت دوو مالا ( ئیسماعیل، 2024)

لێرەدا وشەکانی (کەندالا، مالا) وشەی سەروان. بەمەش مۆسیقایەکی خۆش و بەهێزی بەپەندە کە بەخشیوە.

## 5-2 هەندێ هونەری ڕەوانبێژی لە پەندو قسەی نەستەقی مزووریياندا:

ڕەوانبێژی وەک زانستێک لە ئاخاوتن و ئەدەبیاتدا بەدی دەکرێ و لە سێ زانست پێکهاتووە: (جوانکاری، ڕوونبێژی، واتاناسی)، ئەم زانستانەش هەر یەکەیان لەچەند هونەرێک پێکهاتوون، لەوانە: (ڕەگەز دۆزی، دژ یەک، لێکچوواندن، خوازە، کورتبڕی، ....هتد).

پەندی پێشینان و قسەی نەستەقیش بێ بەش نین لەم هونەرە ڕەوانبێژییانە، ((وەکو بەشێک لە ئەدەبی فۆلکلۆری ڕستەیەکی کورت و پڕ مانان، لەناو ئەم ڕستەیەشدا هونەرەکانی ڕەوانبێژی هەن))، (یونس، 1983، ل453).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**لێرەدا گرنگترین ئەو هونەرانە دەخەینە ڕوو کە لە پەندو قسەی نەستەقی ئەم ناوچەیەدا هەن:**

**1- ڕەگەزدۆزی:**

**دوو جۆرە:**

أ- ڕەگەز دۆزی تەواو: ((دوو وشەکانی لە ڕواڵەتدا تەواو وەکو یەکبن، واتە دوو وشەکان لەڕووی ژمارەی پیتەکانیان، شێوەی پیتەکانیان ، جۆری پیتەکان ، ڕیزبوونی پیتەکانیان وەکو یەکبن، لەڕووی واتاشەوە هەریەکە واتای سەربەخۆی خۆیان هەبێت)) (عەبدوڵڵا، 2022، ل347) واتە دوو وشە یان زیاتر لە شێوەدا وەکو یەکن و لە واتادا جیاوازن.

**بۆ نمونە:**

(حەفت خوشکا کرو کر، هند بوو پشتا دیکل کر)، (ئیسماعیل، 2024).

وشەکانی (کر، کر) لەشێوەدا وەکو یەکن لە واتادا جیاوازن، وشەی یەکەم (کر) بەواتای کاری (کردن) دێت، وشەی دووەم (کر) بە واتای کاری (هەڵگرتن) دێت.

ب- ڕەگەزدۆزی ناتەواو: بریتیە لەوەی کە دوو وشە یان زیاتر بە تەواوی وەکو یەک نەبن.

**جۆرەکانی ڕەگەز دۆزی ناتەواو:**

- ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا:

ئەوەیە دوو وشە تەنیا لەیەک پیتدا جیاوازبن.

**بۆ نمونە:**

(خالەتی خایێ تە ژێتێت بێهنا دایێ)، (ئیسماعیل، 2024).

وشەی (خایێ، دایێ) تەنیا لە پیتی (خ،د) دا جیاوازن.

**نمونەیەکی دیکە:**

نیشانێن بارانێ بانە

نیشانێن مرنێ تانە (جعفر ، 1986، ل53).

لێرەدا وشەکانی (بانە، تانە)، تەنیا بەپیتی (ب.ت)دا جیاوازن.

- ڕەگەز دۆزی ناتەواوی زیاد:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

((بریتیە لە دوو وشە کە یەکێک لە وشەکان بە پیتێک یان زیاتر لە وشەکەی تر زیاترە)). (عەبدوڵڵا، 2022، ل351). لێرەدا گرنگ نییە پیتە زیادەکان لەسەرەتا یان ناوەڕاست یان کۆتاییدا بن.

**بۆ نمونە:**

(هەکە دلا دل حەباندن چ ئاغا بن چ کرمانج)، (ئیسماعیل، 2024).

وشەی (دلا) بە پیتێکی کۆتایی لە وشەی (دڵ) زیاترە.

- ڕەگەز دۆزی ناتەواوی هاوکێش:

بریتیە لە بوونی دوو وشە کە لە زۆربەی پیتەکاندا لەیەک جیابن، بەڵام هەمان کێشیان هەبێ.(عەبدوڵڵا، 2002، ل350).

**بۆ نمونە:**

((بەنی دکەت تەکبیرا، خودێ دئینیت تەقدیرا)) (ئیسماعیل، 2024).

وشەکانی (تەکبیرا) و ( (تەقدیرا) ژمارەی پیتەکان بەقەد یەکن و لەسەر یەک کێشن

**2- دژیەک:**

أ- دژیەکی فەرهەنگی: ((بریتیە لە بوونی دوو وشە هەردووکیان وشەی فەرهەنگینەو لە فەرهەنگدا سەربەخۆیی خۆیان هەیە))، (عەبدوڵڵا، 2022، ل46).

**بۆ نمونە:**

(سەیێ زیندی ل شێرێ مری باشترە)، (محەمەد، 2024).

لێرەدا وشەکانی (زیندی) و (مری) دژیەکی فەرهەنگین، چونکە لە فەرهەنگدا هەریەکەو ڕەگەزێکی سەربەخۆی هەیە.

نمونەیەکی دیکە:

(هەتا مزگەفتەک ئاڤاکر، دێرەک خراپ کر)، (جعفر، 1986، ل116).

وشەکانی (ئاڤاکر) و (خراپ کر) دژ بەیەکن.

نمونەیەکی دیکە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شولا شەڤێ کری، رۆژێ بۆگری (ئیسماعیل، 2024) وشەکانی (شەڤ) (رۆژ) دژو پێچەوانەی یەکترن و لەفەرهەنگدا سەربەخۆی خۆیان هەیە.

ب- دژ یەکی نافەرهەنگی: ((بریتیە لە بوونی وشەو نەفییەکەی، واتا وشەی یەکەمیان ئەرێیەو فەرهەنگیە و وشەی دووەمیان لەسەر بنەمای ئەو وشەیەی یەکەمە بە نەفی دروستکراوە))، (عەبدوڵلا، 2022، ل47).

**بۆ نمونە:**

(کار هەر دبن سەقیا ڤە نابن)، (سەلیم، 2024).

وشەی (نابن) نەرێی وشەی (دبن)ە، دژو پێچەوانەی یەکترن و لە فەرهەنگدا یەک ڕیشەیان هەیە.

### 3- لێکچوواندن:

ئەمە هونەرێکی گرنگی ڕەوانبێژییە و بریتیە لە ((چوواندنی شتێک بە شتێکی تر، ئەم چوواندنە بە سیفەتی هاوبەش یان واتای هاوشێوە دروست دەبێت))، (رضا، 2021، ل32).

ئەم چواندنە بە (لێچوو) و (لەوچوو) دەکرێ، کە دوو بنەڕەتی سەرەکی لێکچواندنن، بنەڕەتی ناسەرەکیش وەکو (ئەوزار) و (ڕووی لێکچوون) دەکرێ باس بکرێن یان باس نەکرێن.

**بۆ نمونە:**

(برایێ نەژدایێ وەکی تەلیسێ کایێ)، (سەلیم، 2024).

برایێ نەژدایێ: لێچووە

تەلیسێ کایێ: لەوچووە.

وەکی: ئەوزارە.

(ئاخافتنا دگەل تە قۆچانا دگەل بەرییە)، (ئیسماعیل، 2024).

ئاخافتنا دگەل تە: لێچووە.

قۆچانا دگەل بەرییە: لەوچووە.

- (جلکێت بیکا وەکی ییێت بچیکا) (سەلیم، 2024).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جلکێت بیکا: لێچووە.

وەکی: ئەوزارە.

بچیکا: لەوچووە.

ڕووی لێکچوون: ڕەنگاو ڕەنگیە.

## 6-2گرنگترین ئەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییانەی لە پەندو قسەی نەستەقی دەڤەری مزوورییاندا هەن:

### 1- ئافرەت:

ئافرەت وەک بەشێکی سەرەکی کۆمەڵگا دەوری خۆی هەیە، بێجگە لە ڕۆڵی دایکایەتی و کاروباری ناوماڵ، گەلێک کاری تر دەکات بۆ بەرێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە، هەر لەبەر ئەوەشە لە پەندو قسەی نەستەقی کوردیدا باسی ئافرەتی کردووە، وەکو (جوانی ئافرەت، باشی ئافرەت، خراپی ئافرەت...هتد).

ئافرەت لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، ئەمەش لە پەندو قسەی نەستەقی مزوورییاندا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نمونە:

(شێر شێرە چ ژنە چ مێرە)، (جعفر، 2013، ل292).

لێرەدا باسی لایەنی ئەرێنی ئافرەت دەکات، کە ئافرەتیش وەکو پیاو جیاوازییان نییە لە کاروباری ڕۆژانەدا شان بە شانی پیاو بەشداری دەکات، چونکە ئافرەتیش وەکو پیاو ئازایەو توانای هەیە، یان گوتراوە (مال ژنە، بنیاد خانی) (ئەحمەد ، 2024) واتە ئافرەت وەکوکەسێکی گرنگ لەکۆمەڵگا هاوکاری پیاوە لەزۆربەی کارەکاندا.

لە کۆمەڵگای کوردەواریدا شەرمنی بەهایەکی گرنگە بەتایبەتی بۆ ئافرەت، کە ئەمەش لە پەندو قسەی نەستەقدا ڕەنگی داوەتەوە، لای ئێمەی کورد ئافرەت چەند شەرمن بێت ژنێکی باش و ڕەسەنە، بۆ نمونە: (ژنا شەرمین شارەکی تینیت، مێرێ شەرمین کارەکی تینیت)، (سەلیم،2024)، لێرەدا جەخت لەوە دەکات دەبێ ژن لە پیاو شەرمنتر بێ.

لە پەندو قسەی نەستەقدا لایەنی نەرێنی ئافرەتیش دەربڕاوە، وەکو: (عاقلێ ژنێ بێت کوشێ ڤە کو ڕابوو دێ کەڤیت)، (پیرەسالی، 2000، ل76).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ((زۆربەی پیاوانی کورد پێیانوایە کە ئافرەت بێهێزو توانایە، چ لە ڕووی جەستەیی و چ لە ڕووی بیرو هۆشەوە))، (بیرێژی، 2013، ل95).

(سەرقە حلیا بندا گەنی)، (پیرەسالی، 2000، ل52).

ئەمە بۆ ئەو ئافرەتانە دەگوترێ کە ئاگایان لە ماڵ و منداڵ نییەو زیاتر کاتەکەی بۆ خودی خۆیان تەرخان دەکەن، ماڵ و حاڵیان بۆگەنی بووە.

زۆر جار کە ئافرەت تورە دەبێت کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدات و هەموو نهێنییەک ئاشکرا دەکات، وەکو دەگوترێ: (ژن تورە ببیت جەرکێ نهێنیا دێ شکێنیت)، (سەلیم، 2024).

## 2- خزمایەتی:

خزمایەتی پەیوەندییەکی نەبڕاوەیە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، لەهەندێ شوێندا ئەم پەیوەندییە توندو تۆڵەو لە هەندێ شوێندا کاڵ بۆتەوە، بەسەردانکردنی یەکدی لە بۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا ئەم پەیوەندییە بەهێزتر دەبێ، لە ئاینیشدا جەخت لەسەر ئەمە دەکرێ کە نابێ ئەم پەیوەندییە ببچڕێ، ئەم بابەتەی خزمایەتی لە پەندو قسەی نەستەقی ناوچەی مزوورییاندا ڕەنگیداوەتەوە، وەکو دەگوترێ: (تفا سەر هەڤرازە)، (ئیسماعیل، 2024).

لێرەدا جەخت لەوە دەکات کە نابێ بە خراپی باسی خزمی خۆت بکەی چونکە بۆخۆت دەگەڕێتەوە، هەروەکو ئەوەیە باسی خۆت بکەی.

لە پەندێکی دیکەدا:

(خزمێ تە گۆشتێ تە بخۆت دێ هێسکێ تە ڤەشێریت)، (ئەحمەد، 2024).

لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە خزمی خۆت چەند خراپیش بێ لە خەڵکی دیکە باشترەو هەموو سنوورەکان نابەزێنێت.

## 3- میوان و میوانداری:

دەبنە هۆی بەهێز کردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەناو کۆمەڵگای کوردەواری دا میوان ڕێزو پیرۆزی خۆی هەیە بە مەردایەتی و ڕێزەوە پێشوازی لە میوان دەکرێ ، چونکە لای کورد وایە ئەو

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ماڵەی میوانی بۆ نەچێ بە ماڵێکی ڕەزیل تەماشا دەکرێ، ئەو گرنگی دانەی کورد بە میوانی و میوانداری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (مێڤان مێڤانێن خودێ نە)، یان (ڕزقێ مێڤانی یێت دگەل مێڤانی)، واتە میوان بەڕزقی خۆیەوە دێت، ڕزقی خۆی لەگەڵ خۆیەتی (جعفر، 2013، ل258)، ئەو ماڵەی کە ڕێزو حورمەتی میوان دەگرێ لەناو کوردا بە ماڵێکی سەربەرز تەماشا دەکرێ، وەکو دەگوترێت: (قەدرێ مێڤانی سەرفرازییا خودانی)، (ئەحمەد، 2024)، کەوابێ میللەتی کورد میوانی خۆشویستووەو بەڕێزەوە پێشوازی لێکردووە، ((سروشتی مرۆڤی کورد وابووە کە دەیویست میوانەکانیان ئارام بن و هیچ کەسێك زیانی پێ نەگەیەنێ)) (هاملتۆن، 1973، ل130).

**4- ڕەنجدەری:**

ڕەنجبەری دەبێتە هۆی گۆڕینی بژێوی ژیان، بەو هۆیەوە مرۆڤ دەتوانێ پێداویستیەکانی ژیانی خۆی جێ بەجێ بکات، لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا مرۆڤ بەکارکردنەوە جوانە، ئەم بابەتە لەناو پەندو قسەی نەستەقدا ڕەنگی داوەتەوە، وەکو گوتراوە: (شولکەرێ خۆ بە خۆشتڤیێ خەڵکی)، (ئیسماعیل، 2024).

واتە: کەسی ئیشکەر خۆشەویستە لای خەڵک، سەر بڵندو ئاسودەیە.

یان دەگوترێ: (نەکەرو دڵ کەسەرو)، (ئەحمەد، 2024).

مرۆڤی تەمبەڵ و کارنەکەر بۆ پەیداکردنی پارووی ڕۆژانەی چاوی لەدەستی خەڵکە، بەهایەکی نزمی هەیە لەبەر ئەوە دەبێ مرۆڤ کار بکات بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیان، یان (یێ نەکەت ناخوت)، (ئەحمەد ، 2024) یان (لە تە حەرەکە لە من بەرەکە) (سلیم ، 2024). رزق لەدەست خوایە، بەڵام دەبێ مرۆڤیش هەوڵبدات و ئیش بکات.

**5- هەژاری:**

ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییەو لەناو کۆمەڵگادا بەدی دەکرێ و دەبێتە هۆی پەیدابوونی نەهامەتی لە زۆربەی لایەنەکانی ژیان، زۆر جار دیدی کۆمەڵگا بۆ مرۆڤی هەژار وەکو کەسێکی نەزان و نەفام، بەڵام مەرج نییە کەسی هەژار کەسانی نەزان بن، بەڵکو لە ناچاری و دەستکورتی و قەرزاری تووشی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرلێ شێوان دەبن، چونکە ((هەژاری هۆیەکی سەرەکییە بۆ تێکدانی شیرازەی خێزانی چە ندین کێشەی گەورەیشی بۆدروست دەکات)) (قەرەنی، 2012، ل214). ئەم حاڵەتەش لە پەندو قسەی نەستەقدا ڕەنگی داوەتەوە، وەکو دەوترێت: (نانێ شقانی چ ل ملی بیت، چ ل تلی بیت)، (ئەحمەد، 2024).

لێرەدا ئەوە پیشان دەدات کە لەناو کوردا شوان و گاوان تەنیا خاوەنی نانی ڕۆژانەن، ئەو نانەش چ لە ملیان بێ چ لەناو سکیان بێ.

لە کۆندا سەرماو بەفرو بارانی زستانیش کاریگەری بۆسەر ئیش و کاری خەڵک هەبووە، هەر لەبەر ئەوە دەوترێت: (زستان هات و بەرکا فەقیری دریا)، (ئەحمەد، 2024).

## ئەنجام:

1- پەندو قسەی نەستەق لەسەر کورت بڕی دامەزراون و چڕو پڕی واتایی تێدا بەدی دەکرێ، پەند بە ڕستە دادەنرێ، بۆیە لەچەند جۆرە ڕستەیەک پێکدێ، وەکو: (ڕستەی سادە، لێکدراو، فەرماندان، مەرجی، پرسیارو وەڵام، خۆزگە،...هتد).

2- پەندو قسەی نەستەقی ناوچەی مزوورییەکان لە زۆربەی شێوە زارە کوردییەکاندا هەمان ناوەڕۆکیان هەیە، بەڵام شێوازی دەربڕینیان جیاوازە، کەوابێ ڕەنگدانەوەی بیرو هزری هەمان میللەت و نەتەوەن، چونکە بەکارهێنانی پەندو قسەی نەستەق لە شێوەزارەکاندا زمان دەوڵەمەند دەکات.

3- زۆربەی پەندو قسە نەستەقەکان کێش و سەروایان بۆ دروست کراون و گەلێک هونەری ڕەوانبێژی تێدا بەدی دەکرێن، وەکو: (لێکچواندن، ڕەگەز دۆزی، دژیەک...هتد).

4- پەندو قسەی نەستەقی مزوورییەکان گەلێک ڕەهەندی کۆمەڵایەتی وەکو: (خزمایەتی، ئافرەت، میوان و میوانداری، هەژاری، ڕەنجبەری، ...هتد) تێدا ڕەنگیان داوەتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سەرچاوەکان:

## بە زمانی کوردی:

## کتێبەکان:


- ئەحمەد، د. سافیە محەمەد (2013)، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- ئەڵوەنی، نەجم خالید( 2008)، پەند و قسەی نەستەقی شاری خانەقین، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
- بیرێزی، حەسەن یوسف (2013)، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانەکانی عەتایی نەهایی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- ئیبراهیم، محەمەد عەبدولکەریم ( 2012)، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- بەدلیسی، میر شەرەفخان (2010)، شەرەفنامە، و: مامۆستا هەژار، چاپی شەشەم، پەخشنگای پانیز، سنە.
- پیرە ساڵی، مەلا حەبیب( 2000)، گوتنێن مرۆڤ مەزنان لەناوچەی بارزان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- حەسەنی، یاسرێ (2007)، بنیاتی ریتمی و شعرا نوویا کوردی دا دەڤەرا بەهدینان، 1970-1991، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- حەمە خان، نووری فارس(2004)، عەروزی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
-جگەرسۆز، محەمەد صالح پێندرۆیی( 2020)، ژیانی کەلتووری و کۆمەڵایەتی دەڤەری مزووری باڵا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- جعفر، حجی (1986)، گوتنێن مەزنان ل دەڤەرا بەهدینان، مطبعة علاء، بغداد.
- جعفر ،حجی (2013)، هندەک ڤەکۆلین ل دۆر فۆلکلۆرێ کوردی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- دەشتی،د. عوسمان(2012)، لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر (تێکست و لێکۆڵینەوە)، بڵاوکراوەی ئەکادیمییای کوردی، هەولێر.
- دێرشەوی، مەلا مەحموود (2000)، مشتاخا چیا ژ گوتنێن پێشیا، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- رضا، ئیدریس محەمەد (2021)، وێنەی شیعری لە دیوانی (تەمەن) ی (ئەحمەد محەمەد)دا، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- ڕێکانی، هێرش کەماڵ (2019)، عەشیرەتێن بەهدینان، 1514-1919ز، ژ وەشانێن زانکۆیا دهۆک – سەنتەری بێشکچی بۆ ڤەکۆلینین مرۆڤایەتی، دهۆک.
- ڕەسول، پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدوڵلا حوسێن( 2014)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- ڕەسوول، پرۆفیسۆر دکتۆر شوکریە( 2008)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- سەجادی، عەلائەدین (1971)، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.
-سالح ،ئاوەرە کەماڵ (2012)، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، بڵاوکراوەی ئەکادیمییای کوردی، هەولێر.
- شارەزا، کەریم (1976)، پەندی پێشینان لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.
- فەرهادی ، پ.ی.د. ساجیدە عبدالله (2013)، هەندێ لایەنی ڕستە سازی زمانی کوردی ، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر.
-قەرەنی، ئەحمەد (2012)، ڕەخنەی ئایرۆنی لەشیعری نوێی کوردیدا، 1925- 1970، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- عەبدوڵلا، د. ئیدریس( 2014)، ئەدەبی میللی فۆلکلۆری، بەرگی دووەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمییای کوردی، هەولێر.
- عەبدوڵلا، د. ئیدریس (2022)، ڕەوانبێژی لە دوانزە لێکۆڵینەوەدا، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
- عەبدوڵلا، د. ئیدریس (2013)، شێوازگەری لادان، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
- گەردی، ژوان عەبدولسەلام عەزیز( 2018)، شێواز لە شیعرەکانی کامەران موکری- لەژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی (فیلۆلۆجی لیۆ شپتیزەر)دا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

**نامە ئەکادیمیە کوردییەکان:**

- احمد، عبدالباقی اکرام(2012)، واتاو مەبەست لە پەندی پێشینانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- ئەحمەد هێمن عومەر( 2008)، چەند لایەنێکی شیعریەت لە کۆ چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)ی (جەبار جەمال غەریب)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- ئەحمەد، صافیە محەمەد (2009)، شێوازی شیعرییە کوردییەکانی پیرباڵ مەحموود، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- خضر، خسرۆ جلال (2023)، شیکردنەوەی پەندی پێشینانی کوردی بەپێی بنەماکانی تیـوری بەرهەمهێنـان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**گۆڤارە کوردییەکان:**

- عومەر، د. موحسین ئەحمەد (2005)، ئەدەب و کۆمەڵگا، گۆڤاری ڕامان، ژمـارە (105)، سـاڵی دەیەم، خـولی سێیەم، هەولێر.

**چاوپێکەوتن:**

- محەمەد، ئاسیا سعید، (لەدایـک بـووی 1972 ی هەولێـر)، نەخوێنـدەوار، ڕۆژی چاوپێکەوتن، 2024/1/15، هەولێر.
- سەلیم (عائشە محەمەد)، (لەدایک بووی 1963 ی هەولێر، نەخوێنـدەوار، ڕۆژی چاوپێکەوتن: 2024/3/13، هەولێر.
- ئەحمەد، ڕێزان عەبدولوەهاب، (لەدایک بووی 1983 هەولێر) خوێندەوار، ڕۆژی چاوپێکەوتن، 2024/3/20، هەولێر.
- ئیسـماعیل، زەیـنەب مسـتەفا، (لەدایـک بـووی 1957 ی هەولێـر)، نەخوێنـدەوار، ڕۆژی چـاوپێکەوتن، 2024/4/14، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، ئەسعەد ئەحمەد، (لەدایک بووی 1975 ی هەولێـر)، خوێنـدەوار، ڕۆژی چـاوپێکەوتن، 2024/5/6، هەولێر.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

- بوقره، د. نعمان (2009)، المصطلحات الأساسیة فی لسانیات النص والتحلیل الخضـاب، جدار للکتاب العالمی – عـالم الکتب الحدیث للنشر والتوزیع، عمان – الأردن.
- یونس د. عبدالحمید (1983)، معجم الفولکلور مع مسرد انجلیزی- عربی، دار النشر مکتبة لبنان، بیروت.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Literariness and Social Dimensions in Some of the Proverbs and Maxims from Mizuri Region

**Jihan Abdulwahab Ahmad.**
Department of Kurdish Language, College of Language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Jihan.ahmad@su.edu. Krd

***Key words:*** *Literariness, Social dimension, Proverbs, maxims, Mizuri Region.*

## Abstract

Every nation has its own proverbs and maxims, which have emerged through lifelong occurrences and experiences, reflecting as such the habits, thoughts and mindset of such people meanwhile enriching their life with lessons and morals. On the other hand, such proverbs and maxims, some of which are written in poem and others in prose, carry social dimensions and implications.

As its title suggest, the present paper, ((Literariness and Social Dimensions in some of the Proverbs and Maxims from Mizuri Region)), is an attempt to shed light on the literary aspect and the social implications of the maxims and proverbs at usage in Mizuri territory.

The study comprises two sections: Section one examines the literariness of the abovementioned points, shedding light on some definitions of proverbs and maxims; as well as distinctions between them. The researcher has also illustrated the social dimensions of such proverbs and maxims, highlighting the geographical boundaries and the specific style of usage at such territories.

Section two is a practical attempt to demonstrate the applied side of the literariness and social dimensions of selected maxims and proverbs from Mizuri Area.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# الأدبية والبعد الاجتماعي في بعض الحكم والأمثال لموطن المزووريين

**ملخص:**
لكل أمة حكم وأمثال تختص بها، كانت ثمرة تجارب وحوادث مرت بها، تعبر عن أفكار وآراء و عادات وتقاليد ذلك المجتمع الذي تنشأ فيه، تلك الأقوال المأثورة تعطي للحياة درساً مهماً وتحمل أبعاداً اجتماعية، نُظم بعضها شعراً وأخرى نثراً

هذا البحث المعنون **(الأدبية والبعد الاجتماعي في بعض الحكم والأمثال لموطن المزووريين)**، هو محاولة للتعريف بالأدبية والبعد الاجتماعي وانعكاسهما في الأمثال والحكم في منطقة المزووريين .

يتألف البحث من قسمين:

في القسم الأول: تحدثت عن الأدبية وبعدها عرضت بعض التعريفات للأقوال المأثورة والفرق بينها وبين الحكم. وحاولت قدر الإمكان التحدث عن البعد الاجتماعي وكذلك اللهجة والحدود الجغرافية لموطن المزووريين.

وفي القسم الثاني: بصورة عملية سلطت الضوء على الأدبية والبعد الاجتماعي في بعض الأمثال والحكم لموطن المزووريين.